پڕۆگرامی نوێی

# زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی

# "زادی"

لە ساڵی (١٤٤٤ک -٢٠٢٢ز)یەوە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

## پرۆگرامی نوێی زانكۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی "زادی"
## لە ساڵی (١٤٤٤ك -٢٠٢٢ز)یەوە

ئەم پرۆگرامە بە چەند قۆناغێک نوێکردنەوەی بەخۆیەوە بینیوە، یەکەم جار لە نیوەی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٨ز)یەوە لە لایەن دامەزرێنەری "زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی"یەوە کە جەنابی "مامۆستا کرێکار"ە، خوای گەورە ئازادی کات؛ دانراوە، پاشان بە ڕاوێژ لەگەڵ مامۆستایانی "زادی" لە پرۆگرامی نوێیدا لە دوای ساڵی (٢٠١٥ز)یەوە چەند جارێک گۆڕانکاریی بەسەردا هێنراوە، پاش دەستگیرکردنی بەڕێزیان دوو جار نوێکراوەتەوە لە هەندێک لایەنەوە، لەوانە: کورتکردنەوەی ماوەی خوێندنەکە، دەوڵەمەندکردنی وانەکان بە وانەی پەراوێز (تەکمیلی)، زیادکردنی وانەگەلێک لە هەندێک لە زانستەکان و بوارە فیکرییەکان و ڕەدی ئیلحاد و زانستە عەقڵییەکان و...هتد، هەروەها ئامادەسازی بۆ کردنەوەی قۆناغی دوای ئامادەیی.

لە کۆتا پەرەپێدانی سیستەمی خوێندن لە "زادی"دا، گواسترایەوە بۆ سەر سیستەمێکی نوێی ئەلیکترۆنیی کە لە پێشکەوتووترین سیستەمەکانە، هەروەها پرۆگرامەکەشی پەرەپێدانێکی زۆر باشی بەخۆوە بینیوە، بەتایبەت لەو ڕووەوەی کە هەوڵ دراوە لە هەموو زاستەکاندا موعتەبەرترین کتێبەکان دانرێت، لە بوارەکانی (زمان و ڕێزمانی عەرەبی، عەقیدە، فیقهـ، ئوسوڵەکانی فیقهـ و تەفسیر، قەواعیدەکانی فیقهـ و تەفسیر، زانستەکانی قورئان و موستەڵەحی حەدیس)ەوە پشت بە کتێبە باوەڕپێکراوەکانی (حوجرەکانی کوردستان) ببەستێت، تا فێرخواز سەرەڕای ئەوەی لەسەر ئینتەرنێت وانەکان دەخوێنێت، بەڵام زۆرینەی کتێبە سەرەکییەکانی حوجرەکان دەخوێنێت کە کرۆکی (زانستە شەرعییەکان) و (زانستە ئالەکانن)، ئاواش لە مەنهەجی زانستیی هەر فێرخوازێکی تری کوردستان تێدەگات و تێکگیرانی فیکری و فیقهی کەم دەبێتەوە و وەحدەتی مەنهەجی دروست دەبێت، ئەمەش هاوتا بە خوێندنە (سەقافی)یە بەرفراوانەکەی خۆی کە هەموو مەجالەکانی (فیکر و ئیلحاد و سیاسەت و واقیعناسی تەزکییە و مێژووی ئیسلام و کورد و...هتد) بە شێوازێکی تۆکمە دەخوێنرێت.

## به کورتی لەم بوارانە دەدوێین:

1. **عەقیـدە:** فێرخواز بە گرنگترین کتێبەکـانی زانســتی عەقیـدەدا دەچێتە ســەرەوە، کە فێری پایەکانی باوەڕ و ناوەڕۆکی باوەڕ و ســەرجەم وردەکارییەکانی تریشــی دەبێت، ئەمەش لەگەڵ لایەنە ســەرەکییەکەی عەقیدە کە لایەنی ڕۆحی و ئیمانی و خواناســییە پێش ناســینی گرووپە گومڕاکان و حوکمـدان بەســەریـاندا، هاوکات لە لایەنی پەروەردەیی واقیعناســی و فیکرییەوە فێرخواز ڕێنمایی دەکرێت بۆ چۆنیەتیی مامەڵە لەگەڵ هەموو گرووپەکانی دەرەوەی ئەهلی سوننەت و جەماعەتدا.

2. **فیکر:** پێشـتر "زادی" مەجالێکی زۆری بۆ فیکر کردبوویەوە، ئێستا مەیدانێکی بەرفراوانتریش لە جـاران کراوەتەوە بۆ خوێنـدنی دەروازەی فیکری ئیســلامی هەتا ئوســووڵەکانی ئیلحادناســی و کلیلەکانی ڕەواندنەوەی گومانەکان، سەرەڕای بەرفراوانکردنی خوێندنی سیاسەی شەرعی لە سیاسەتی پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تـا نوێترین شــێوازەکانی کایەی ســیاســیی هاوچەرخ و حوکم و هەڵسەندگاندنی هەر یەکەیان، سەرەڕای خوێندنی زانستی سیاسەی شەرعی و قاعیدە و ئوسولەکانی، کە هەموو ئەمـانە لە حوجرە و زانکۆکـانی کوردســتـان و دەرەوە و زۆرێـک لە خوێندنە ئەکادیمی و حوکومی و ئەلیکترۆنییەکـانـدا لە پەراوێز دان و "زادی" وەکوو هەوڵێکی چـاکســازیی مەنهەجی، هەموویان دەگەڕێنێتەوە بۆ هەگبەی فێرخوازانی.

هەروەها لەبارەی زانســتە عەقڵییەکانەوە، ســەرەتایەک لە زانســتی لۆژیک (مەنتیق) و قۆناغێکی باش لە ڕەدی ئیلحاد دەخوێنرێت.

3. **شـەرعناسی (فیقهــ):** (بە ڕاوێژکردنمان لەگەڵ جەنابی "مامۆستا کرێکار" لە زیندانەوە لە ڕێگەی هـاوســەری بەڕێزیەوە)، کتێبەکـان کران بە کتێبە فیقهییەکـانی مەزهەبی ئیمامی "شــافیعی" (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، هەر بەو شـێوەیەی لە حوجرەکانی کوردسـتان (هەموو کوردستانی گەورە) دەخوێنرێن، تا فێرخواز پێش تێگەیشــتن لە فیقهی مەزهەبەکەی خۆی و ســەرجەم مەزهەبەکانی تر، هەنگـاو نەنێـت بۆ فیقهی بەراوردکاری (موقاڕین)، کە لە بەراوردی هەموو دەلیلەکان و تێگەیشــتنی هەموو مەزهەبەکـانەوە هەڵێنجـانیـان بۆ دەکرێت، مامۆســتاش ڕەزامەند بوو لەســەر بڕیاری کۆتایی

لەلایەن ئێمەوە بە هەر جۆرێـک بێـت، ئێمەش هەر بەو شــێوەیەمـان دانا کە لە پەیامەکەماندا بۆمان خســتبووە ڕوو، خوای گەورە پاداشــتی جەنابی مامۆســتا بداتەوە و ئازادی کات و "زادی"یش بکاتە توێشووی قیامەت بۆی.

دواتر لە قۆناغی تایبەتمەندێتیی دوای پەیمانگادا -ڕەنگە- فرسـەتی پێویسـت بۆ فێرخواز بڕەخسێت بۆ خوێندنی مەزهەبەکانی تر.

4. **ئوسـوڵ:** تا ئاسـتی کتێبی (جمع الجوامع) لە ئوسـوڵی فیقهــــ و چەند کتێبێک لە ئوسـوڵی تەفسیر خراوەتە مەنهەجەوە، کە پێشتر هیچیان نەبوون و هەموویان نوێن.

5. **قورئانەوانی:** سەرەتا لە ئادابی فێرخوازێتیی قورئانەوە فێرخواز گۆش دەبێت، پاشان تەجوید دەخوێنێـت، دواتر چەنـد جوزئێکی قورئـانی پیرۆز لەبەر دەکـات، لەگەڵ هەموو ئەمـانەدا، فێرخواز تەفسیرێکی زانستی و پەروەردەیی بۆ بەشێک لە سوورەتەکانی قورئان دەخوێنێت لە تەفسیری "زادی" کە "مامۆســتا کرێکار" (خوا ئازادی کات) نووســیویەتی، کە ئەمە یەکێکی ترە لە لایەنە گرنگەکانی دیراســاتی ئیســلامی کە ئێســتا پەراوێز خراوە، بەو ناوەوەی کە گوایە فێرخواز خۆی دەتوانێت دواتر بیخوێنێت، ئەدی کوا ئەو فێرخوازانە و کوا گۆشــکردنیان بە پەروەردەیەکی قورئانیی وەکوو یاوەران و کوا تەفســیریان بۆ قورئان و گەڕانەوە و ئیســتیدلال بە ئایەتەکانی قورئان دوای خوێندنەکەیان! زۆر کەمن، ئەمەش هەوڵێکی تری چاکسازیی مەنهەجییە لە "زادی"دا.

هەروەها ئوســوڵی تەفسـیر و قەواعیدی تەفسـیریش دەخوێنن، تا لە ڕێســاکانی تەفسـیرکردن و تێگەیشـتن لە تەفسیری زانایان و ڕاڤەوانانی قورئان تێ بگەن، ئەمەش زۆر گرنگە، وەکوو چۆن گرنگە لە زانستی (فقه)دا لە ئوسوڵی مەزاهیبی فیقهی تێ بگەیت تا بزانیت چۆن ئیستیدلال دەکەن و چۆنیش مەزهەبەکەیان دامەزراندووە.

6. **فەرموودەوانی:** لە بواری فەرمووددەوانیدا، هەوڵ دراوە هاوشێوەی قورئانەوانی کار لەسەر دوو لایەن بکرێت، لایەنی زانسـتی فەرمووده (علم المصطلح الحديث)، لەگەڵ لایەنی پەروەردەبوون بە فەرمووده شیرینەکانی پێغەمبەری نازدار (صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ)، بۆیەش کۆمەڵێک فەرموودەی گوڵبژێرکراو

به شـەرحەوە دەخوێندرێن و لەبەریش دەکرێن لە چەند قۆناغێکی جیادا، بۆ زانسـتی فەرموودەش تا ئاستێکی بەرز فێرخواز پێی ئاشنا دەبێت، ئەمەش لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەییدا (مصطلح الحديث) دەگرێتەوە، بۆ پڕۆگرامی قۆناغی دواتریش کاری زیاتر لەسەر لایەنەکانی تری فەرموودەوانی دەکرێت (إن شاء الله).

7. **زمانەوانی:** زانستەکانی (صرف ونحو) بە هەمان شێوە و بە ڕەچاوکردنی پڕۆگرامی تۆکمەی حوجرەکانەوە، لە سەرەتاوە تا ئاستی "ئەلفیە" لە (نەحو) و تا ئاستی هاوشێوەی لە (صرف)دا دەخوێندرێت (ان شاء الله). بێگومان زمانی عەرەبی زۆر لایەنی تریشی هەیە، بەڵام ئەم دوو زانستە سەرەکیترینیانن.

جێی ئاماژەپێدانە کە "زادی" چونکە خوێندنی مەیدانی نییە و ئۆنلاینە، ئۆنلاینیش بەشێکی زۆری زانستەکەی لەسەر ئەو شێوازە دانراوە کە پێی دەوترێت "ئاسان"، کە زیاتر مەزهەبی (ئیبن مالیک و ئیبن هیشام) و هاوشێوەکانیانە (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت)، کە ئەم زانایانە ئاسانکارییان کردووە لە نووسینەوەی زانستەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان خۆیان و کتێبەکانیان لە ترۆپک و ئاستی هەرەباڵای زمانەوانی دان، بەڵام لە مەنهەجی حوجرە مەیدانییەکانی کوردستاندا زیاتر پەیڕەو لە شێوازە قورسەکان دەکرێت بۆ زانستەکانی زمانەوانی، کە تێیدا کتێبی وا دەخوێنرێت کە فێرخواز زۆر بە زەحمەت لێی تێ دەگات، چونکە هەمان زانیارییەکان بە شێوازێکی قورس داڕێژراوە، بۆ ئەوەی باشتر فێر بێت، ئەوەش لە خوێندنی ئەلیکترۆنیدا هەوڵێکی نەزۆکە. بە نسبەت ئەوەی بۆچی هەمان پڕۆگرامە ئاسانەکە پەیڕەو ناکرێت؟ لەبەر ئەوە نییە کتێبە موعەقەدەکان زانستی زیاتریان تێدا بێت یان کەمتر، بەڵکوو بۆ ئەوەیە ئەو کەسەی دواتر وانەکان دەڵێتەوە بتوانێت کتێبە موعەقەدنووسراوەکان بڵێتەوە، کەواتە ئەو کەسەی نەیەوێت ببێت بە مامۆستای حوجرە، بێگومان هەر پێویستی پێیان نابێت مادام بە مەنهەجی ئاسانکارەکاندا هەمووی فێر بوو بێت، لوغەی عەرەبییش هەر هەبووە پێش نووسینی ئەو کتێبە موعەقەدانە، پەیوەست نییە بە هیچ کتێبێکەوە.

وەکوو لایەنی "زمان"ی عەرەبییش، لە پڕۆگرامی نوێدا هەلی باشتر بۆ فێرخوازان ڕەخسێنراوە کە بتوانن لە سفرەوە فێری زمانی عەرەبی ببن و هەموو نووسینێکی عەرەبی کە دواتر لە قۆناغی پەیمانگا دەیخوێننەوە لێی تێ بگەن و هەموو وانەیەکیش کە گوێی لێ دەگرن لێی تێ بگەن.

له لایەنی زمانی کوردییەوە، بەرەچاوکردنی جیاوازیی فێرخوازەکانمان لەڕووی شوێن و دیراسەوە، خوێندنی زانستەکانی (ڕێنووس و خاڵبەندی)مان کەم کردۆتەوە لە چوار کتێبەوە بۆ کتێبێکی متمانەپێکراوی زانستیی تێهەڵکێش لە هەردوو زانستەکە، ئەوەش هاوکاریی هەموو فێرخوازان دەکات کە لە کتێبێکی کۆکراوەدا بەیەکجار سەرەتایەکی پێویستی لێ بخوێنن، حەتمەن توێژینەوەی زانستیی فێرخوازانیش لە (پۆلی سێیەمی قۆناغی ئامادەیی) و پێش قۆناغی پەیمانگا وەکوو ئامادەسازییەکی زانستی؛ بە زمانی شیرینی کوردی دەبێت، بۆیەش زانینی ڕێساکانی نووسین پێویستن، هەروەها بۆ بانگخواز و زانای شەرع پێویستە کە بزانێت بە زمانێکی ڕەوان بنووسێت بۆ ئەو خەڵکەی بانگەوازیان دەکات، توانای نووسینیش هیچی کەمتر نییە لە توانای وتاربێژی و گرنگییەکەی، خوای گەورەش پێغەمبەرانی بە زمانی گەلەکانیان ناردووە. بۆ ڕێنووس و خاڵبەندییش پشت بە "کوردیی ناوەندی" بەستراوە، تا هەموو فێرخوازان لە هەر پارچەیەکی کوردستان نزیکبوونەوەی زمانەوانی و لێکتێگەشتنیان بۆ دروست بێت و ئەو سنوورە مەلعونانەی کافران کێشاویانە لە دەروونیاندا نەمێنێت.

8. **مێژوو:** لە بارەی مێژووەوە، هەموو سیرەی پاکی پێغەمبەری نازدار (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە چەند ئاستێک دەخوێنرێت، پاشان مێژووی (خەلافەتی ڕاشیدین، ئەمەوی، عەباسی، هاتنی مەغۆل، عوسمانی و مێژووی نزیکی کورد)، لەگەڵ دیراساتی شیکاریی بۆ هاتنی مەغۆل و چۆنیەتیی داگیرکردنی بەشێکی زۆری خاکی موسوڵمانان و ڕووخانی عەباسییەکان، هەروەها خوێندنەوەی شیکارییانە بۆ کۆتاییەکانی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانی و هۆیەکانی ڕووخان و هەوڵەکانی هێنانەوەی سەرلەنوێی خەلافەت و ڕۆڵی کورد و ئەزموونیی لە گۆڕەپانیی سیاسیی ڕووداوەکاندا و چەند باسێکی تری تایبەت بە مێژووی نزیکی کورد.

دواتریش لە قۆناغی پەیمانگا مێژووی دێرینی کورد و دەوڵەتەکانی وەکوو (ئەیووبی و سامانی و...هتد) دەخوێندرێت، ئاوا پاش کێشانی وێنەیەکی گەورە بۆ مێژووی ئیسلام و دەوڵەتە سەرەکییەکانی، بەشی کوردیش لەو مێژووەدا دیاری دەکرێت بۆ فێرخوازان، کە ئەمەش لەخۆیدا بەشێکی زانستی جوگرافیاشی لەخۆ گرتووە.

**9. تەزکییەی نەفس:** لە سەرەتاوە ڕێساکانی تەزکییەی نەفس و پاشان ڕیشەکێشکردنی هەنگاو بە هەنگاوی دەردە کوشندەکانی نەفس و چۆنیەتیی بژاری دەروون و گەشەپێدانی بۆ پلە بەرزەکانی خواناسی دەخوێندرێت، بەشێکی هاوبەشیشی لەگەڵ عەقیدەدا هەیە کە گەڕاندنەوەی ڕۆحیەتی ڕاستەقینەی لایەنە ئیمانییەکەی عەقیدەیە لەنێوان بەندە و پەروەردگاریدا، کە زۆر دەمێکە لە بەشێکی زۆری خوێندنەکانی حوجرە و زانکۆ و ئەکادیمیاکاندا پەراوێز خراوە، بەڵکوو ئەم هەنگاوە سەرەتاییەی چاکسازییە مەنهەجییەی تری "زادی" سەرەتایەکی باش بێت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو تێگەیشتنە هەڵانەش بەرامبەر بە گرنگیی تەزکییە و بەرفراوانیی ڕۆڵی زانستی عەقیدە.

## کۆتا شت لەبارەی پرۆگرامی "زادی"یەوە گرنگ بێت ئەمانەن:

- "زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی" سیستەمەکەی ئەلیکترۆنییە، ئەلیکترۆنیش هەرگیز ناتوانێت هاوشێوەی مەیدانی بێت، فێرخواز نابێت پێی وابێت لەبەر ئەوەی "مامۆستا کرێکار" دایمەزراندووە وەکوو موعجیزەیەک لە پڕێکدا دەیکات بە مەلا و داعی و زانای شەرع، بەڵکوو هەوڵێکی موتەوازیعانەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کە لە سیستەمەکانی خوێندندا هەن و پێشتریش ئاماژەمان بە هەندێکی داوە، پاشان بۆ ڕەخساندنی هەل بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت خوو بدەنە فێربوونی زانستی شەرعی، بە تایبەت ئەوانەی بۆیان نەڕەخساوە لەبەر دیراسەی تر یان کارکردن یان دوورەوڵاتی یان خوشکان کە لەماڵەوەن، بەڵام ئێمە بوێرانە و موتەوازیعانە تەحەدا دەکەین کە هەر کەس توانیی ئاستی دەرچوویەکی بەکالۆریۆس لە بەشی (زانستە ئیسلامییەکان)ی زانکۆکانی کوردستاندا بەراورد بکات بە دەرچوویەکی (ئامادەیی ئامەدی ئیسلامی) کە تەنیا یەک قۆناغە لە "زادی" و لە کات و ماوەدا هەمان کاتی پێ دەچێت؛ ئێمە بەداوای لێبووردنەوە بۆ هەموو هەڵەیەکمان، زانکۆکەمان دادەخەین، یانیش جارێکی تر لافی وا لێ نادەینەوە، بەڵکوو جەنابی ("مامۆستا کرێکار" دەفەرموێت: "چەند جارێکی تریش ئەمەم وتووەتەوە پێشتر، 'تەسەور ئەکەم هەر کەسێک سێ پۆلەکەی (ئامادەیی ئامەدی ئیسلامی) لە زانکۆی (زادی) تەواو بکات؛ گومانم لەوە نییە کە زاناتر و ڕۆشنبیرتر و هۆشیارتر دەرەچێت لەو کەسەی کە ئەزهەری تەواو کردووە، یان جامیعەی ئیسلامیی لە مەدینە خوێندووە، (والله اعلم)". ئەمەشی کاتێک فەرمووە کە ئاستی پرۆگرامی ئامادەیی لە نیوەی ئاستی ئێستایدا بووە لە ساڵانی پێشوودا و پێش زیندانیکردنی بە ناڕەوا.

- "زادی" چەند ساڵێکی پێ دەچێت، ئێمە ئەو ساڵانە بە کەم دەزانین، بەڵام ڕەنگە لە لای فێرخواز زۆر بێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتیی تاکی ئەم سەردەمە کە بەردەوام پەلەیانە و نایانەوێت زۆر بووەستن، ئەگەرنا خوێندنێکی زۆر ئاسایی (٥-١٠) ساڵی دەوێت، ئەگەرنا ئەم دینە بەرفراوانە بە (عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت)یەوە چۆن کۆنترۆڵ دەکرێت بۆ کەسێک کە بیەوێت بە خولی خێرا لێیان تێ بگات؟ هەر کەس پەلەیەتی با هەر لە سەرەتاوە بزانێت کە ئەم خوێندنە بۆ ئەو ناشێت، بچێت بەدوای خوێندنی تردا بگەڕێت. لەگەڵ ئەوەشدا، موژدەی ئەوە دەدەین بە هەموو

فێرخوازان کە دەتوانن لەگەڵ خوێندن لە "زادی"دا ژیانی ئاسایی خۆیان ڕاپەڕێنن، ئەگەر خوێندکارن یان کاسبکارن یان هەر سەرقاڵییەکی تریان هەیە، فێرخوازەکانی ئێمەش هەموو جۆرێک لەو کەسانەی تێدایە، لە کەسی بێکارەوە تا مەلا و فێرخوازی پزیشکی گشتی.

- هەر کەس لە سەرجەم قۆناغەکانیدا بەسەرکەوتوویی دەرچوو، ناشێت وا بزانێت دەبێت بە موجتەهید و دەتوانێت فەتوا بدات و ئیجتیهاد بکات، جەنابی "مامۆستا کرێکار" کە خۆی بفەرمووێت: "من تەنیا فەتوا نەقڵ دەکەم و موفتی نیم"، کەواتە لەپێشترە کە ئێمەش تەنیا بە چەند ساڵێک خوێندن نابین بە عەللامە و موفتی، بەڵام ئەمە ڕێگر نییە لەوەی فێرخوازی لێهاتوو دوای ئەوەی لە "زادی" بناغە زانستییەکەی دانا، خۆی هەوڵ بدات و بگاتە ئەو ئاستە، هەموو زانایانی سەلەف و خەلەفیش هەر وا پێگەیشتوون، بەڵام ئەگەر بییەوێت وەکوو مەلایەک یان بانگخوازێک بێت، بێگومان لە ئاستێکی زۆر بەرزدا دەتوانێت ئەو ئەرکانە ڕاپەڕێنێت دوای تەواوکردنی دیراسەکەی.

- خوێندن لە "زادی" یانی خوێندن و دیراسەیەکی هەمەلایەنی زۆر بەرفراوانی زانستی و سەقافی، کە تا ئێستا لە خوێندنە کوردییەکاندا نە حوجرەکان و نە زانکۆکان و نە ئەکادیمیاکانی تریش نەمانبینیوە، بەو زانیارییە سەرەتاییەی هەمانە دەربارەی خوێندنە ئەکادیمییە ئەلیکترۆنییەکانی زمانی عەرەبییش، نەمانبینیوە هیچیان لە ئاستی "زادی"دا بن لەو ڕووەوە، ئەمەش هەوڵێکی تری چاکسازیی مەنهەجییە لە "زادی"دا، فەزڵی سەرەتا و کۆتاییشی هەر بۆ خوای گەورە و زانا دەگەڕێتەوە، فێرخوازانێکیشی دەوێت بۆی بێنە مەیدان و شیلەی گوڵەکانی کۆبکەنەوە.

- جەنابی "مامۆستا کرێکار" (خوا ئازادی کات) لە سەرەتادا "زادی"ی تەنیا وەکوو خوێندنێکی سەقافی دامەزراند، دەشیویست خوێندنێکی ئەلیکترۆنی و هەمیش مەیدانی بکاتەوە بۆ خوێندن لەسەر سیستمی (حوجرە)، "پەیمانگای ئیبن تەیمییە" خوێندنە ئۆنلاینەکە بوو، کە دواتر چووە سەرووتر و قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی لەپێشیدا کرانەوە و پەیمانگاش کەوتەی سەرووی ئەوانەوە، دواتر زیندان دایبڕی و حوجرەکەی نەکردەوە، وا ئێستا خوای گەورە فرسەتی ڕەخساند

"زادی" هەردوو شـێوازەکەی کۆکردەوە، کە لەڕاسـتیدا لێک جودا ناکرێنەوە، بەڵکوو هەر پێکەوەن، ئەمەش هەلێکی باش و چاکسـازییەکی مەنهەجیی تر بوو خوای گەورە ڕەخسـاندی کە لە "زادی"دا ئەو هەڵە ناچارییەش کە دوای ئیستیعمار دروست بوو بوو ڕاست بکرێتەوە، سوپاس بۆ خوا. لێرەشەوە "زادی" وەکوو چۆن یەکەم خوێنـدنی ئۆنلاینی زانسـتە شـەرعییەکـان بوو بە زمـانی کوردی کە لە (٢٠٠٨/٥/٥)ەوە دەسـتپێکی خوێنـدنی ڕاگەیاند، وا ئەمڕۆش لە (١٧/ربيع الثاني - ٢٠٢٢/١١/١٢) "زادی" یەکەمی حوجرەی ئۆنلاین بە زمانی کوردی ڕادەگەیەنێت لەسـەر سـیستەمە نوێیەکەی، خوای گەورەش هاوکار و پشتیوانمان بێت و بەردەوامیمان پێ ببەخشێت.

## پرسیارە باوەکان:

**+ ئایا ئەو قۆناغانە هەموویان وەکوو یەکن؟**

- نەخێر، هەر قۆناغێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

**+ تایبەتمەندیی قۆناغی ناوەندی چییە؟**

- ئەم قۆنـاغە ناوی "**ندا**"یە، کە کورتکراوەی "**ناوەندیی دیراســاتی ئیســلامی**"یە. دوای ئەوەی ئەزموونی ئەوەمان کرد کە کەســانێکی لێهاتوو دەیانەوێت بەشــدار بن لە "زادی"، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاســتیان نزمە و ڕاســتەوخۆ لە ئامادەییەوە دەســتپێکردن بۆ ئەوان ئاســان نییە، بەڵکوو دەبێتە هۆی بێهیوابوونیان لە بەردەوامبوون، یان هەندێک لە فێرخوازان پێشتر تەنها لە چەند بوارێکی دیاریکراودا شـارەزاییان هەبووە و هەموو بوارەکانیان پێکەوە پێ ناخوێنرێت بە یەک ئاست، لەبەر ئەوەش ناتوانن سـوودی تەواو لە قۆناغی ئامادەیی ببینن، بۆیە قۆناغی ناوەندیمان کردەوە تا لەو قۆناغەوە دەسـت پێ بکەن و پێ بگەن و زیـاتر چاویان تێیدا بکرێتەوە. بۆیە هەوڵمان داوە کە کورتەیەکی قۆناغی ئامادەیی بە ئاسانی لە ناوەندیدا بخەینەوە بەردەستی بەڕێزتان، بۆ ئەوەی ئەو کێشەیەتان نەمێنێت.

هەروەها "ندا" سـەرەتایەکی زۆر باشە بۆ ئەوانەشی کە دەتوانن ڕاستەوخۆ لە ئامادەییەوە دەست بە خوێنـدن بکەن، چوون بناغەیەکی پوختی زانســتە شــەرعییەکانە و بە بینای ئەو بناغە گشــتگیرەوە فێرخواز دەتوانێت زیاتر سوود لە هەموو قۆناغەکانی دواتر ببینێت.

جگە لەوەش، هەنـدێـک وانەی گرنـگ لەم قۆنـاغەدا دەخوێنـدرێـت، کە بێگومان لە قۆناغەکانی دواتردا بەردەست نین.

**+ تایبەتمەندییەکانی قۆناغی ئامادەیی چییە؟**

- قۆناغەکە ناوی "**ئامادەیی ئامەدی ئیسـلامی**"یە. بەو پێیەی پێویســتە لە ئامادەییدا بینای جومگە ســەرەکییەکانی ســەقافەی خۆت بکەیت، ئامادەیی پرۆگرامێکی گشــتگیری لە بوارە ســەرەکییەکانی خوێندنی تێدا کۆکراوەتەوە، ئاستەکانی سەرەتا لە پۆلی یەکەمەوە دەخوێنیت و دواتر لە پۆلی دووەم و

سێیەم تێیدا قاڵ دەبێتەوە. هەروەها ئەو زانستانەی کە زۆرن، سەرەتاکانیان لە پۆلی یەکەمەوە دەست پێ دەکەیت و لە پۆلەکانی دواتردا بەشەکانی تری دەخوێنیت.

**+ "زادی" بۆ بە کوردییە؟**

- بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە نەوەی نوێی کورد بە زۆری ئاستیان لە عەرەبیدا لاوازە، بەڵکوو زۆریان عەرەبی نازانن؛ "زادی" هەوڵی داوە بە زمانی کوردی هەلی خوێندنێکی تۆکمەتان بۆ برەخسێنێت، چوون نەدەکرا فێرخوازان لە سەرەتاوە لەگەڵ عەرەبییەکەدا چەند ساڵێک سەرقاڵ بکەین بۆ ئەوەی فێری عەرەبی ببن و دواتر بەو زمانە بخوێنن، بەڵکوو لە بەدیلی ئەوەدا دیراسەیەکی سەقافیی قووڵ دەخوێنن و لەگەڵیشیدا چەند وانەیەکی ئاسانکراو دەخرێتەوە بەردەستتان بۆ فێربوونی زمانی عەرەبییش، تا دوای قۆناغی ئامادەیی، لە پەیمانگادا خوێندنەکەتان بە زمانی عەرەبی درێژە پێ بدەن، ئوسوڵ و قەواعیدی زانستەکان لەوێ بە زمانی عەرەبی دیراسە بکەن. واتە لە بڕی وەستان لە خوێندنی زانستەکان و سەرقاڵبوون بە خوێندن و فێربوونی عەرەبییەکەوە لە سەرەتادا -کە ڕەنگە ئەوکات زۆربەی فێرخوازان ساردبوونایەتەوە و پێیان قورس بوایە-، وامان زانیوە باشترە کە تەریب بەیەکتری هەردووکیان بخوێنین، ئاوا هەلێکی بەرفراوانتر و باشتر و ئاسانکراو دەڕەخسێنرێت، بێگومان هەمان ئامانجیش دەپێکێتەوە لە کۆتاییدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کتێبەکان کوردی نین، بەڵکوو لە پڕۆگرامی نوێی (١٤٤٤ک - ٢٠٢٢ز)دا بەشێک لە کتێبەکان کە فێرخواز دەتوانێت بە یارمەتیی وانەی شیکردنەوەی دەنگی کتێبەکە عەرەبییەکەی بخوێنێت؛ عەرەبییەکەی دانراوەتەوە.

**+ جیاوازیی "زادی" لەگەڵ خوێندنەکانی تردا چییە؟**

هەر پڕۆگرامێکی خوێندن تایبەتمەندی و خاڵی بەهێز و لاوازی هەیە، "زادی"یش بەدەر نییە لەو ڕێسایە، بەڵام "زادی" بینای پڕۆگرامی خۆی بۆ بینای تاکی کۆمەڵگەی کوردی داڕشتووە، هەموو کەسێک پێویستیی بە جۆرێک لە خوێندن نییە و گشت کۆمەڵگەیەکیش یەک جۆر پڕۆگرام ناخوازێت، "زادی" دەیەوێت بینای تاکی کوردی (بە تایبەتی لەم قۆناغەدا کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بە پڕۆگرامێکی پەروەردەیی زانستی شەرعی بکات، ئەمەش تاینەتمەندیی یەکەمییەتی،

مەرجیش نییە پرۆگرامی "زادی" بۆ جگە لە کورد نەشێت، بەڵام ناشبێت کۆپی بکرێت و وەکوو خۆی دانرێتەوە.

هەروەها کە ئەنواڕینە خوێندنە جیاجیاکانی جیهان، گەر هەموویان نەبێت زۆرینەیان بۆ تایبەتمەندێتیی بوارێک دانراون، ئەگەریش بەو مەبەستەوە نەبێت، بەڵام بەو ئاراستەیەدا چوون، چوون هەندێک بواری دیاریکراو دەخوێنرێت و ئەوانی تر کەنار دەخرێن، لێ "زادی" ئەم کەلێنەشی پڕکردۆتەوە، لە خۆیدا جومگە سەرەکییەکانی بینای تاکی موسوڵمانی ڕۆشنبیری کۆکردۆتەوە، هەنگاو بە هەنگاو لە تەجویدەوە بۆ تەفسیر و ئوسوڵەکانی، لە خۆناسی و خواناسییەوە، بۆ ناسین و پێناسەی موفرەداتەکانی گەردوون و ژیان و مرۆڤ... دەستی فێرخوازان دەگرێت و پێیان دەگەیەنێت. ئاخر زۆر گرنگە فێرخواز بە پرۆگرامێکی گشتگیردا ببرێتە سەرەوە، تا لە هەموو شتێک شتێک بزانێت، ئینجا لە کۆتاییدا تایبەنتەندێتیی بوارێکی بۆ بڕەخسێنرێت و لە شتێک هەموو شتێک فێر بێت، ئێمە بەو ئاراستەیە فێرخوازانی "زادی" ڕێنمایی دەکەین، سەرەتا لە هەموو شتێک شتێک فێر دەبێت، دواتر لە بوارێک یان زیاتردا قاڵ و قووڵ دەبێتەوە و تێیدا تەیبەتمەندێتی (تخصص)ی خۆی دیاری دەکات.

## قۆناغی پەیمانگا چییە؟

"**پەیمانگای ئیبنو تەیمییە**" دوو قۆناغە و بۆ ئاستی ئەو کەسانەیە کە خوێندنی ئامادەیی ئامەدی ئیسلامی لای خۆمانیان تەواو کردووە، قۆناغی پەیمانگا ڕەسەنکردنەوەی بوارەکانی زانستی شەرعین بە بەڵگەکانیان، تا خۆی ئامادە بکات بۆ ئەو بوارەی دەیەوێت بیکاتە تایبەتمەندیی خۆی لە قۆناغی دواتر (قۆناغی تایبەتمەندێتی).

لە سەرەتادا جەنابی "مامۆستا کرێکار" کە "زادی"ی دامەزراند، ناوی "پەیمانگای ئیبنو تەیمییە" بوو، کە دەکاتە دوو لەسەر سێی یان کەمتری ئەو خوێندنەی ئێستا لە ئامادەییدا دەخوێندرێت، سووپاس بۆ خوا دواتر گەشەی کرد و ناوی گۆڕا بۆ "زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی" کە بە کورتی دەبێتە "زادی". قۆناغی پەیمانگا دواخرا بۆ دوای ئامادەیی، دواتریش قۆناغی ناوەندی لەساڵی (١٤٤٠ک – ٢٠١٨ز) کرایەوە لە پێش ئامادەییدا، ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت قۆناغی سەرەتاییش دەکەینەوە بۆ ئەو منداڵانەی تەمەنیان وا لە (١٠-١٥) ساڵیدا. تا ئێستا (٢٠٢٢/١١/١٢)

قۆنـاغی پەیمـانگا نەکراوەتەوە، بۆیە زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەو قۆناغە دەخەینە ئەو کاتەی کە خوا ویستی لەسەر کردنەوەی دەبێت.

**+ "زادی" بۆ نـاوی زانکۆی هەیە، بەڵام سـەرەتـایی، نـاوەندی، ئامادەیی و پەیمانگا لەخۆ دەگرێت؟**

- قۆناغی زانکۆ، ئەو قۆناغە دەگرێتەوە کە ڕاسـتەوخۆ دوای ئامادەیی دێتە پێشـەوە. بەڵام ناوی زانکۆ، لە ڕووی زمانەوانییەوە واتای کۆکەرەوە یان شوێنی کۆکرانەوەی زانستەکان لە خۆی دەگرێت، بۆیەش "زانکۆی ئازادی دیراسـاتی ئیسـلامی" دەبێتە ناوێ کە سـەرجەم ئاستەکانی تێیدا کۆدەبێتەوە، هەر وەک چۆن لە سـەرەتادا تەنیا جێگرەوەی "پەیمانگای ئیبنو تەیمییە" بوو، بەڵام دوای هەشت ساڵ لە گەشەپێدان؛ ئێستا ئەو مەنهەجە و پڕۆگرامیی زانستیی حوجرەشی لەخۆ گرتووە، ئێرەش کۆتا ئاستی نابێت و (إن شاء الله) باشتریش دەبێت، هەروەها تاکە ئامانجیشی زانستە شەرعییەکان نابێت، بەڵکوو بە ویسـت و تەوفیقی خوای گەورە لە پلانی دوورمەودایدا خزمەتی هاوشـێوە بە لق و لێکەوتەکانی زانسـتی شـەرعیش دەکات، ئەوەش وەستاوە لەسەر پێگەیشتنی فێرخوازانی تا چمکی ئەرکە نوێیەکان بگرنە دەست و بە جوانترین شێوە ڕاپەڕێنن.

**+ کاتم نییە، چۆن لە زادی بخوێنم؟😩!**

- بە ڕەچـاوکردنی ئەوەی فێرخوازانی "زادی" لە کـاری ڕۆژانەیـاندا سـەرقاڵی ئەرک و پیشـەی جودا و لە شـار و وڵاتی جیاوازن، هەوڵمان داوە بە بێ کەمکردنەوەی ئاسـتی پڕۆگرامی خوێندنەکە، گونجاوییەکی گشـتیی تێدا بێت بۆ هەموو فێرخوازان. تۆ لە ئەرکەکانی ڕۆژانەتدا کاتێکی دیاریکراوت پێویسـتە بۆ سـەقاڵبوون بە خوێندنەکەتەوە، بەڵام لە هەر کاتێکی شـەو و ڕۆژدا بێت کێشـەی نابێت، چونکە چـالاکی و وانەکـانـت بە ئەلیکترۆنی دەبێـت نەک ئۆنلاین، واتە نـایەوێـت ڕۆژانە لە کاتێکی دیـاریکراودا وەکوو دەوامی خوێنـدن ئـامـادەی وانەکـان بیـت، بەڵکوو بە ئـامـادەکراوی دەخرێتە بەردەستت، تۆش لەو کاتەی بۆت تەرخان کردووە سەرقاڵی دیراسەکردنیان دەبیت.